# شەریعە شکستی هێنا لە کەنەدا !



ئیسلامیەکان دەیانویست کەنەداش بکەن بە مۆڵگەیەکی تری کۆنەپەرستی ، دەیانویست لە جیاتی یاساو دادگا مەدەنیەکیانی ئەم وولاتە یاسای دواکەوتوی هەزار ساڵەو دادگای تایبەت بە شەریعە دامەزرێنن ، ( هۆما ئەرجومەند ) یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە لە گەڵ دەست بردنی ئیسلامیەکان بۆ ئەم پرۆژە کۆنەپەرستە ، ئەویش کەوتە سازدانی دەیان چالاکی بە کۆمەڵ و بە تەنیا دژ بەم پرۆژەیە ، ئەو توانی دەنگی دیمو کراسی و سکولارەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بخاتە گەڕ تا پێش بەم هەنگاوە تاریکیە بگرێ ، ئێمە وەکو سایتی دەنگەکان پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە هەموو ئەو کەسە ماندوو نەناسە دەکەین کە بوێرانە و بە بێ وەستان کاریان بۆ شکست پێهێنانی ئەم پرۆژەیە کرد ، بە تایبەتی دەستخۆشی و پیرۆزبایەکی گەرم لە هۆما خان دەکەین .

دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان